دیالۆگی ئەقڵی ئازاد و داوەرییەکی سەلەفیانە

مەلا بەختیار



رۆژی هەینی (٢٠ / ٩ / ٢٠٠٢) لە ژمارە (٤٠٦) ی رۆژنامەی یەکگرتوو، زمانحاڵی یەکگرتووی ئیسلامی ، لەلاپەڕەی (رامیاری) و لە ستونی (تیشك) دا كاك (ئەبوبەکر عەلی) ، لەسەر مونازەرەیەکی مامۆستا (رەئوف محەمەد) و بەندە، شەوی (١١|١٠ / ٩ / ٢٠٠٢) ی بەرنامەی (گفتوگۆی سێشەممە) ی تازەداهێنراوی کاکە (توانا ئەحمەد) ستونێکی درێژی لەژێر ناونیشانی (پاشماوەکانی ئەقڵیەتی دادگایی کردن لەسەردەمی ئاشتووبنەوەی نیشتمانیدا) نوسیووە و تیایدا، بیروبۆچونی خۆی لەسەر مونازەرەکە، دەربڕیووە. بەڵام دەربڕینێکی ئەوتۆ، مەگەر هەر لە نوسەرێکی ئیسلامگەرا بوەشێتەوە، بوێرێ، راستیەکان ئاوا بشێوێنێ، جا بۆئەوەی ئەو راستیانەی شێواندونی ، بەشێواوی نەمێننەوە، پێمان باشبوو وەڵامی بدەینەوە.

(١)

کام ئەقڵیەت و چ دادگایی کردنێك ؟!

هەر بیرمەندێکی هوشیار بەرنامەکەی دیبێ، دەزانێ تەوەری مونازەرەکە لەسەر روداوی (١١) ی سپتامبەر بوو. کاتێك بەرنامەیەکیش، دوو کەسایەتی لە دوو حیزبی جیاواز دەهێنێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، مەبەستێتی دوو بۆچونی هەردوو کەسایەتیەکە، لە دوو روانگەی جیاوازەوە، پێشکەش بکا. کەوابێ: شتێکی زۆر ئاساییە هەر لایەك هەوڵبدا راستی بۆچونی خۆی دەربخا، هەروا، لەناو بازنەی ململانێ سیاسیەکانی ئێستای گۆڕەپانەکەشدا، هەرلایەك هەوڵبدا، هەڵە، یان کەموکورتی لایەنەکەی بەرامبەر دربخا. ئەوەی لایەنی کەمی تێگەیشتنی لە رێسای دیالۆگ هەبێ، لەم مەسەلە تێدەگا. ئەوەی شارەزایی یان زانیاریشی لەسەر ئەم چەشنە مونازەرانە نەبێ، بێگومان، مونازەرەیەکی ئاوا بە (پاشماوەی ئەقڵیەتی دادگایی کردن) دەزانێ.

بۆئەوەی نوسەر و خوێنەر لە مونازەرە وردتر بن و باشتر لەوە شارەزا بن کە بۆچی مونازەرە دەکرێتە (ئەقلیەتی دادگایی کردن) ، وا چاکە لە خودی ناونیشانەکەوە، وەڵام بدەینەوە.

پێش هەموو شتێك، پێویستە بۆ خوێنەری رونبکەینەوە کەوا (لێپرسراوێکی) ، (لایەنێکی سیاسی بەرامبەر – کە منم – هەروەکو نوسەر گوتویەتی) دورونزیك، ئاگام لە تەوەری گفتوگۆکان نەبووە: نەشم زانیووە کاکە (توانا) چی دەپرسێ و چی ناپرسێ، تەنانەت بەیانیەکەی کە بۆ شەو بەرنامەکە پێشکەش دەکرا، بەتەلەفۆن لێم پرسی : تەوەرەکان لەسەر چین؟ لەوەڵامدا هەر هێندەی گوت کەوا: تۆ پێویستیت بە زانینی تەوەر نییە. من لای خۆمەوە ئەم وەڵامەم وا بۆ لێکدایەوە کە وەکو رۆژنامەنوسێك، وای پێباشە لەپڕ پرسیارمان لێبکا هەتا بەرنامەکەی بەچێژتر بێ. کەوابێ: ئەم بەرنامەیە، بۆ من (لێپرسراوێکی لایەنی سیاسی بەرامبەر) یش، هەروەکو کەسێکی داوەت کراوی ئاسایی حساب دەکرێ. نەك بەرنامەیەکی پێشتر نەخشەبۆکێشراو. راستی و ناڕاستی ئەم قسانەش کاك (توانا) و ئامادەکارانی بەرنامەکە دەیزانن.

(٢)

مونازەرە چی یە؟

وشەی (نَظَر) و (ناظَر) و (مناظَرَة) و (تَناظَرَة) ئەم وشانە، کە چاوگەکەیان (نَظَر) هەر هەموو (دیقەت) و (چاوتێبڕین) و (لەبەرامبەر وەستان) و (رامان) و (چاودێری) دەگرنەوە. کە لەم چاوگەیەشەوە، وشەی (مناظَرة) پێکدەهێنرێ، دوو هێڵی لێك جیاواز دەگەیەنێ. کەوابێ: کاتێك دوو کەسایەتی ، لەپشتی مێزی بەرنامەیەك، بە دوو فەلسەفەی جیاواز بۆ گفتوگۆ لەسەر روداوێك دادەنیشن، بێگومان دەبێ هەردووکیان هێڵە جیاوازەکانیان بخەنەڕو. . ئەگینا بۆچی بەرامبەر دانراوون و لەبەرچی یەك جۆر پرسیار لە هەردووکیان دەکرێ؟ بۆیە بەرامبەر یەك دانراوون بۆ ئەوەی جیاوازی بۆچونەکانیان لەمەحەکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بدرێ. پاشان، بینەر حوکم لەسەر راستی و ناڕاستی ، یان باش و مامناوەجی وەڵامەکان بدا. ئەگەر وانەبێ، چ پێویست دەکا، دوو کەسایەتی جیاواز، لەسەر یەك بابەتی دیاریکراو، بخرێنە مشتومڕەوە.

کە واتای راستەقینەی (مونازەرە) ئەمەبێ و لە دونیاشدا هەر بەم چەشنە پەیڕەو کرابێ، ئیتر بۆچی نوسەر لای خوێنەر مونازەرە بە (دادگایی کردن) دەگۆڕێ؟ ئەگەر وابێ، کەوابێ، تەلەفزیۆنی یەککرتوو، هەرکەسێکی بردبێتە سەر شاشەی خۆی ، بۆ دادگایی کردن بووە، نەك بۆ زانینی بیری جیاواز لەسەر روداوێك یان بابەتێك. چونکە ئاشکرایە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو تەلەفزیۆنێکی سرف حیزبی ئیسلامگەرایە.

دەبێ هۆی چی بێ نوسەر (مونازەرە) بە (دادگایی کردن) بگۆڕێ؟ بێگومان هۆیەکەی ئەوەیە کە نوسەر لەبەرئەوەی سیاسیەکی ئیسلامگەرایە و ئیسلامگەراش ئەوەتەی هەن، لەبەرایی دەسەڵاتی ئیسلامەوە، لەوساوە دەسەڵاتی ئیسلامی سەپێنراوە، هەتا ئێستا، تەنها یەك تێکستی دەسەڵات لایان پیرۆزە و باقی تێکستەکانیان لا دژی ئاینە، بۆیە، لە جیهانبینی ئیسلامگەراییەوە، دادگایی کردن بۆتە نەریت و کراوەتە بەشێکی پیرۆزی یادەوەری ئیسلامی و شوێنەوارێکی کاریگەری لەناویاندا جێهێشتووە، لەبەرئەمەشە، ئیسلامگەرایەك، لەناو هەر حیزبێکی سیاسی ئیسلامیدا بێ، ناتوانێ خۆی لەو هەژمونی تاقە دەسەڵاتی ئیسلامی رزگار بکا، ئەگەر جاروباریش لەژێر دەمامکی میانەڕەویشدا، خۆی بشارێتەوە، بەخۆی بزانێ یان

نەزانێ، لە هەستەوە یان لە نەستەوە بێ، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی چۆن بتوانێ پەنا بۆ دادگا و دادگایی کردنی بەرامبەرەکان بەرێ. هەربۆیە، لای نوسەر، مونازەرە، کە یەکێکە لە جوانترین کەناڵەکانی دیموکراتی ، دادگایی کردنە. چونکە جگە لە حەڵاڵ کردنی دادگایی بەرامبەر، لە یادەوەری مێژوویی ، ئەو و ئەوانەی وەکو ئەوون، شتێکی دیکە جێی نەبۆتەوە.

گەر کەسێك لایەنی کەم باوەڕی بە ئازادی و دیموکراتی هەبێ، چۆن دەتوانێ (مونازەرە) یەکی سیاسی ، لەسەر تەلەفزیۆنی (ی . ن. ك) کە ئێستا بەشی زۆری کوردستان و هەندێ ناوچەی سنوریش دەیبینن، بە دادگایی کردنی لەقەڵەم بدا؟ ئایە کێ بە مامۆستا (رەئووف محەمەد) ی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی گوتووە، لە مونازەرەکەدا، وا بڵێ، یان نابێ وا نەڵێی ؟ مامۆستا، وەك نوێنەری یەکگرتوی ئیسلامی ، ئەوپەڕی ئازاد بووە چۆن قسە دەکا و چۆنیش وەڵام دەداتەوە، ئیتر دادگایی کردنی چی ؟ دادگایی ئەوەیە هێڵێکی دیاریکراو بۆ نوێنەری یەکگرتوو راکێشرابێ و نەیوێرابێ لەهێڵەکە لابدا.

(٣)

داتاشینی کام دوژمنی ناوخۆ؟

لە پەرەگرافی یەکەمی نوسینەکەیدا نوسەر دەڵێ:

[**چەندین ساڵ شەڕ و بارگڕژی لەکوردستاندا بمانەوێ و نەمانەوێ ئاسەواری فکری و سایکۆلۆژی و سیاسی خراپی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، کە ئەرکی هەموو هێزەکان و تێکڕای ناوەندەکانی کۆمەڵگاشە نەخشەبکێشن بۆ ئیشکردنێکی جدی لەسەر پاککردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە ژەهری ئەو پاشماوانە. ئەو رۆشنبیرییە نەخۆشەی فەزای شەڕ و ناکۆکیە خوێناویەکان بەرهەمی هێنابوو میکانیزمی کارکردنی بەشێوەیەکی گشتی بریتی بووە لە وێنەی دوژمن داتاشین لەبەرامبەری فکری و سیاسی و گومان دروستکردن بەدەوری ئامانج و مەبەستەکانیدا و دروستکردنی دەمارگیری سیاسی کوێرانە**].

ئەم پەرەگرافە، لە وشەی یەکەمیەوە هەتا دوا وشەی ، لایەنی کەمی لێکدانەوەی زانستی تیا رەچاونەکراوە. بچوکترین دیقەت کە خوێنەر هەست بە هەستێکی نیشتمانی بکا، لە پەرەگرافەکەدا نابینرێ.

نوسەر . دەیەوێ پیشانی بدا کەوا لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ، هەموو هاوچەشنن" هەموو لایەکیان (شەڕ و بارگڕژی) یان لەناو کوردستاندا خوڵقاندووە" هەموشیان ئاسەواری فکری و سایکلۆژی و سیاسی خراپیان لەدوای خۆیان جێهێشتووە. بۆئەوەی خۆی و حیزبەکەشی بە دڵسۆزترین لایەنی کوردستان پیشانبدا، دەڵێ:

[**ئەرکی هەموو هێزەکان و تێکڕای ناوەندەکانی کۆمەڵگاشە نەخشەبکێشن بۆ ئیشکردنێکی جدی لەسەر پاککردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە ژەهری ئەو پاشماوانە**].

بەم دێرە، دەویستری بگوترێ، هێزە شەرکەرەکان تێکڕا (ژەهر) یان بڵاوکردۆتەوە و پاشماوەکەشی ماوە. لەبەرامبەر دەقێکی ئاوا، تەنها دەڵێین" مادام شەڕی ناوخۆ ئەمەیە کە نوسەر باسی کردووە، دەپرسین، ئەی کاتێك حیزبەکەی نوسەر، لە نالەبارترین رۆژگاری شەڕی ناوخۆدا، قبوڵی کرد وەزارەتێك لە کابینەی حکومەتی پارتی وەربگرێ، ئایە نەترسا وەزیرەکەی و حیزبەکەی لەو ژەهرەی شەڕی ناوخۆ هەڵبمژێ؟ کێ هەیە نەزانێ کە یەکگرتووی ئیسلامی لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا، بەهۆی شەڕی ناوخۆ، هەم توانی

تەنگوچەڵەمەی خەڵك بقۆزێتەوە و هەم سودی لە شەڕی ناوخۆ وەردەگرت و هەم وەزارەتێکیشی حەڵاڵ کرد !

پاشان، کام (رۆشنبیری نەخۆش) کە (فەزای شەڕ و ناکۆکیە خوێناویەکان بەرهەمی هێنابوو) ، مەبەستت کامە رۆشنبیرییە؟ ئەو رۆشنبیریەی لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا، ئازادی فراوانتری دەبەخشی ؟ یان ئەو رۆشنبیریەی بەرگری لە دەستکەوتەکانی دیموکراسی دەکرد؟ یاخود ئەو رۆشنبیرەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، ئامادەنەبوو خەبات دژی بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست فەرامۆش بکا و، هەر لە گەرمەی شەڕی ناوخۆشدا، ئازادی و ئازادی ئەقڵ و مەدەنیەتی کردە ئامانجێکی گرنگی خۆی ؟

مەبەست کام رۆشنبیری نەخۆشە؟ هەقوایە رۆشن بکرێتەوە، هەتا خوێنەر بزانێ کە جۆرەها رۆشنبیر هەیە و لەناو ئەم رۆشنبیرانە، رۆشنبیری دیموکراتی هەیە، رۆشنبیری کۆنەپەرست و کۆنەپارێز هەیە" رۆشنبیری سەلەفی و رۆشنبیری گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستیش هەیە" هەڵبەتە، رۆشنبیری تریش هەن جیاواز لە هەموو ئەو رۆشنبیرانە بیردەکەنەوە. ئەم رۆشنبیرانە هەموو لە شەڕی ناوخۆدا هەبون. هەبون حیزبیان هەبوو" هەشیانە گۆڤار و رۆژنامە دەردەکەن" هەشن بێلایەن. دەمانەوێ بزانین نوسەر کامیان بە ژاراوی دەزانێ؟

وێنەی دوژمن داتاشین یانی چی ؟ نوسەر دەیەوێ بە چ لایەك بڵێ وێنەی دوژمنی داتاشیووە؟ یان بە چ نوسەرێك؟ تۆ بڵێی نوسەر وا تێگەیشتبێ دوژمنی خۆمان نەناسیبێ و بەهەڵەدا چوبین و لەبری دوژمنی راستەقینە، وێنەی دوژمنێکی ترمان داتاشیبێ؟ بۆخۆمان دوژمنمان کەم بوو هەتا وێنەی دوژمن بتاشین؟!

لە هەموو قۆناغەکانی خەبات دوژمنەکانی ئێمە دیاربون. هەربۆیە، لە ساڵی (١٩٧٦) وە، ئەوکاتەی چوار ساڵ دەبوو حیزبەکەی نوسەر لەبەر مەترسی هەلومەرجەکە، خۆی هەڵپەساردبوو، ئێمە زانیمان دوژمنمان کێنو رێگای بەرەنگاریشمان لـێ هەڵە نەبوو. دوابەدوای ئەوە، هەتا راپەڕین سەرکەوت و هەتا بریاری هەڵبژاردن و حکومەتی هەرێمیش درا، بگرە هەتا ئەوکاتەی حیزبەکەی نوسەر (١٩٩٤) بەرەسمی خۆی راگەیاند، ئەوساش کە شەڕی ناوخۆشمان بەناچاری دوچاربوو، دیسان زانیمان ئەرکی سەرەکیمان چی یە و دەشمانزانی چۆن ماسی لە ئاوی لێڵی شەڕی ناوخۆدا راودەکرێ، بۆیە، نە دوژمنە سەرەکیەکە و نە دژایەتیە لاوەکیەکانی دیموکراسیمان، فەرامۆش نەکرد. پێشمان وایە، لە هەموو شەڕەکاندا، هیچ لایەك رەحمی پـێنەکردین و لە هەڵبژاردنەکانیشدا، بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یان نوێنەرایەتی خوێندکاران، یاخود شارەوانیەکان، ئەوپەڕی هەوڵدرا (بەرە) ی دەسەڵات و بردنەوە لە (ژێر قاچی دەسەڵاتی دیموکراتی) مان رابکێشرێ، دوای ماوەیەك بێباکی و خەمساردی بەرامبەر ئیسلامگەراکان، تایبەت بەرامبەر یەکگرتوو، هەموو لایەك زانی یەکگرتوو لەژێرەوەبرە، هەلی شەڕی ناوخۆ دەقۆزێتوە، بۆیە بیرکردنەوەی هەمەلایەنە و راپەڕاندنی تەواوی ئەرکەکانی دیموکراسی لەباری سیاسی ، مەعریفی ، ئەقڵانی و ئازادی ئەقڵەوە، جێگەی خەمساردی و بێباکیەکەی ساڵانی گەرمەی شەڕی ناوخۆی گرتەوە. لەوساوە سیاسەتی راستەقینەی هەموولایەك، لەباری ململانێ سەرەکی و لاوەکی و ژێرەکی ساغکرایەوە و لەبەرامبەر هەریەکە، بە چەکی جۆراوجۆری بەرەنگاری ، بەرگریمان لە دەسەڵات و پرۆسەی دیموکراسی و لە چۆنیەتی بردنەوەی شەڕی نمونەیی و هێنانەدی

www.kurdistannet.org

مەدەنیەتدا دەکرد، بۆیە، کاروانمان گەیاندە رادەیەك لە سۆسیال ئینتەرناسیۆنال دا بەچاودێر وەربگیرێین و لە دوا کۆبونەوەی پەرلەمانی ئۆروپاشدا، دان بە ئەزمونە دیموکراتی و هەوڵە مەدەنیەکانمان بنرێ. ئەگەر وێنەی دوژمنمان هەتا سەر لـێ چەواشە ببوایە، (هەڵبەتە ئێمەش ناچاردەبوین خۆمان هەڵپەسێرین هەتا هەلمان بۆ دەرەخسێ!!) هەرگیز نەدەگەیشتینە ئەم رۆژەی وا خەریکە، لەبەرامبەر دوژمنی سەرکیشدا کە رژێمی عێراقە، پێشبینیەکانمان، کە جیاواز بوو لە لێکدانەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکانی تر، دێتەدی و نزیك دەکەوینەوە لە عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی . ئیتر نازانین نوسەر مەبەستی داتاشینی کام دوژمنە، لەبەرامبەر کام فکر و کام سیاسەت و، باس لە چ گومانێك بەدەوری ئامانج و مەبەست دەکا؟ لە درێژەی بۆچونەکانیدا، دەڵێ:

[دەبێت پاشماوەی ئەو عەقلیەت و بیرکردنەوە وەك جەستەیەکی نامۆ و مۆتەکەیەك سەیربکرێت و بەهەموو لایەك ئابلۆقە بدرێت تاکو دەکرێت بەبەشێ لە کەلەپوری مێژوو و جێگای پێچۆڵ دەکرێت بۆ رۆشنبیری و کلتورێکی تری فکری و سیاسی کە رەنگدانەوەی پێداویستیەکانی چەسپاندن و بەخەڵکی کردنی ئاشتی و وەدیهێنانی چوارچێوەیەکی نیشتمانی فراوان بێت بۆ خەباتی سەرجەم هێزەکانی سەرگۆڕەپانەکە و بەتایبەتیش هێزە زیندووەکان].

لەر وانگەی یەکگرتووەوە، شەڕی ناوخۆ بەشێوەیەك و لە روانگەی یەکێتی و پارتیش بەشێوەی جیاواز لێکدەدرێتەوە، حیزبەکانی تریش بەشێوەی جیاجیا. ئەوەی لامان مەبەستە لەو دێرانە قسەیان لەسەر بکەین ئەوەیە نوسەر بانگمان دەکا (پاشماوەی ئەقلیەت) ی شەڕی ناوخۆ، وەکو (جەستەیەکی نامۆ و مۆتەکەیەك) ئابلۆقە بدەین و بیکەینە بەشێکی (کەلەپوری مێژوو) . . هەتا (رۆشنبیری و کلتورێکی تر فکری و سیاسی کە رەنگدانەوەی پێداویستیەکانی چەسپاندنی و، . . تاد) ئەم بانگکردنە، بانگکردنێکە دەهێنێ قسەی زۆری لەسەر بکرێ، هەتا مەرامە سەرەکیەکەی نوسەر و بەرنامەی سیاسی حیزبەکەی ، لەپشت ئەم بانگەوە بزانرێ.

ئەگەر کەلەپوری شەڕی ناوخۆی هەر وڵات و نەتەوەیەك بخوێنینەوە، مێژوونوسان، لایەنی چاکە و خراپەی ئەو کەلەپوریان جیاکردۆتەوە، لەناو ئەو کەلەپورانەدا، بەرگری لە نیشتمان و لە شۆڕش و لە دیموکراتی و حکومەتی هەڵبژێردراو هەیە، هەشە لەناو کەلەپورەکاندا پیلانی شۆڕشی چەواشە و مەترسی و خیانەتە. مێژوونوسێك کە بە میتۆدی زانستی مێژووی ئەو گەل و دەوڵەت و نەتەوانە بنوسێ، خۆ نایەت چاکە و خراپە، ئازادیخوازی و خۆفرۆشی ، بخاتە ناو یەك تای کەلەپوری مێژوەوە.

- مێژوونوسانی ئەمریکا، لە شەڕی ناوخۆدا، لە یەك روانگەوە سەیری شەڕی ناوخۆیان نەکردووەو (شماڵی) و (جنوبی) ، لەناو یەك تای تەرازودا نین.

- مێژوونوسانی بریتانیا، لەشەڕی ناوخۆدا، لەیەك روانگەوە سەیری پەرلەمانخواز و دیموکراتخوازەکان و ئالاهەڵگرانی پاشایەتی و کۆنەپەرستیان نەکردووە.

- مێژونوسانی ئیسپانیا، لەشەڕی ناوخۆدا، لەیەك روانگەوە سەیری کۆماریخوازان و فلانژستەکانیان (تاقمی پیاوکوژی فرانکۆ) یان نەکردووە.

- مێژوونوسانی ئەڵمانیا، لەشەڕی ناوخۆدا، لەیەك روانگەوە سەیری تێکۆشانی رزگاری و دیموکراتی و پاشایەتیان، نەکردووە.

- مێژونوسانی فەرەنسا، لەشەڕی ناوخۆدا، لەیەك روانگەوە سەیری کۆنەپەرستان و شۆڕشگێڕ وپێشکەوتنخوازانیان نەکردووە.

- مێژوونوسانی چین، لەشەڕی ناوخۆدا، لەیەك روانگەوە سەیری شۆڕشگێڕان و (کۆمینتانگ) یان نەکردووە.

دەتوانین ولات بە ولات، نەتەوە بە نەتەوە، کۆمەڵ بە کۆمەڵ، سەدان نمونەی جیاوازی بۆچون و چاکە و خراپەی شەڕە ناوخۆکان بهێنینەوە، کە سەرەنجام، مێژوو، هەر لایەنی پێشکەوتوی بەراست زانی . سەرەڕاش، واز لە نمونەکانی مێژووی نوێ دەهێنین و لەگەڵ نوسەردا، ئەو نمونانە دەهێنینەوە کە خۆی و هاوڕێبازەکانی ، وەکو کەلەپوری ئیسلام و دەسەلاتی ئیسلامی ، شانازی پێوەدەکەن. دەپرسین: ئەگەر کەلەپوری شەڕی ناوخۆ هەموو (نامۆ و مۆتەکەیە) ، ئەگەر شاڕی ناوخۆ هەقە (ئابلۆقە بدرێ) و (جێگەی پی چۆڵ بکرێ) . . دەپرسین: ئەی نوسەر لەسەر مێژووی شەڕی ناوخۆی دەسەلاتدارانی ئیسلامی لەسەردەمی خولەفای راشدینەوە هەتا ئێستا دەڵێ چی ؟

- لە چوار خەلیفەی موسڵمانان کە پێغەمبەر بە جێنشینی خۆی داناوون، سیانیان لە ئاشوب و شەڕێ ناوخۆدا، کوژراوون.

- زۆری نەخایاند، ئومەویەکان هاتنە ئارا و چونە سەر مەکە و تۆڵەی خۆیان و هۆزەکەیان، بە سوکایەتی پێکردنی کەعبە و موقەدەساتی ئیسلام، سەندەوە.

- پاشان کەعەباسیەکان دروست بوون، لەگەڵ ئومەویەکاندا، سەدان ساڵ شەڕ و شۆڕیان بوو.

- هەر لە سەردەمی ئیسلامدا، خواریج هەبوو کە شەڕی ناوخۆیان کرد دژی ئیمامی عەلی . پاشان یەزیدی کوڕی معاویە، دژی ئیمامی حوسێن و کوشتارگای عاشورا.

- ئینجا، سەدان یاخی بوون، تایفە، تاقم، فەلسەفە و فێرگەی جیاواز، کە بەشی زۆری شەڕێ ناوخۆیان لێکەوتەوە و ملیۆنەها خەڵکی تیاچون.

ئەمانە تێکڕا، بەشێکن لە مێژووی ئیسلام و دەسەلاتی ئیسلامی ، وەکو کەلەپوری مێژووی کۆنینە. لەوکاتەشەوە ئۆروپا سەرگەرمی رینیسانس بوو، ولاتانی ئیسلامی جۆرێکی تر شەڕی ناوخۆیان هەلایساند" عوسمانی و سەفەویەکان سەدان ساڵ خوێنی یەکتریان بەناوی شیعەگەریی و سونیگەریی دەخوارد. سەدان هەزار کەسیان کردە قوربانی رقی قەلەمڕەوەکانیان. سەرەنجام، هیچ لایەکیشیان نەیانتوانی نوێنەرایەتی موسڵمانانی جیهان هەتاسەر مسۆگەر بکەن. ئێستا ناکرێ هەموو ئەو مێژووە کە سەدان هەزار قوربانیشی تیادراوە و غەدری گەورە و کەموێنەی کوشتنی ئەسحابە و پیاوچاکان و ناوداران و ئەتك کردنی نەیاران و سەربڕینی هەزاران هەزار دیل و بەتالان بردنی ژنان و کچان و بەکۆیلەکردنی هەزاران کەس لەو شەڕانە ئەنجامدراون، ناکرێ ئێستا بە یەك چاو تەماشای لایەنەکانی ئەو شەڕانە بکرێ. تەنانەت زۆرجار خەلیفە و

سوڵتان و دەسەڵاتدارانی ئیسلامی غەدری گەورەیان کردووە. هەر لە کوردەواریدا سەدان نمونەی غەدری شەڕوشۆڕ هەیە. هیچ نەبێ بەرامبەر یەزیدی و کاکەیی .

(٤)

پڕوپاگەندە و دیماگۆگیەت !

لە بەشێکی قسەکانیا، نوسەر مێزگردەکە بەئاڕاستەی (میکانیزمی پڕوپاگەندەی سلبی و دیماگۆجیەتی) جۆراوجۆر لەقەڵەم دەدا. . دەڵێ:

[بەکورتی دەتوانین بڵێین مێزگردەکە ئیشکردن بە میکانیزمەکانی پڕوپاگەندەیەکی سلبی و دیماگۆجیەتی جۆراوجۆری تێدابوو کە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بەهەندێکیان دەکەین].

(پڕوپاگەندەی سلبی) و (دیماگۆجیەت) دوو مەسەلەن نوسەر بەزۆر لە ستونەکەیدا جێی کردونەتەوە و خۆزگە دەمزانی لە ناخی خۆیا نوسەر لە گەوهەری دیماگۆگیەت وردبۆتەوە و بەتەواوەتی دڵنیابووە لەو حوکمەی ؟ هەروا ئایە مەبەستی لە (پڕوپاگەندەی سلبی) چی یە ؟

جارێ. . دیماگۆگیەت. . لە گەوهەردا بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار و بەڵێنپێدانی خەڵکە بۆ چەواشەکردنی خەڵك. دەپرسین: لەو مێزگردەدا، چ دروشمێك بەرزکرایەوە و چ بەڵێنێك بەخەڵك درا؟ بێگومان هیچ.

ئەسڵی مێزگرەکە، کێبەرکێی دوو بۆچونی جیاواز بوو لەسەر روداوەکەی (١١) ی سپتامبەر. لەراستیا نە مامۆستا رەئوف محەمەد دروشمی بەرزکردەوە و نە منیش هیچ گفتێکم دا. پاشان (ی . ن. ك) نەیشاردۆتەوە کەوا لەم شەڕە فراوانەدا دژی تیرۆر، خۆی لە سەنگەری دژایەتیکردنی تیرۆردا دەبینێتەوە. هێزێك بەراشکاوی سەنگەری خۆی دیاریکردبێ، ئیتر چ پێویستیەکی بە پڕوپاگەندەی سلبی و دیماگۆگیەتە؟

- ئەو هێزانەی سیاسەتی ناو حیزبەکەیان جۆرێك و سیاسەتی ناوخۆیان جۆرێکی تر و سیاسەتی ئیقلیمیان پێچاوپێچ و سیاسەتی دەرەکیشیان مەگەر خوا سەری لـێ دەربکا، ئەو حیزبانە دیماگۆگین.
- ئەو حیزبانە دیماگۆگین کە قاچێکیان لە وڵاتانی دورگەی عەرەبی و دەستێکیان لە وڵاتێکی تری خەلیجی و هۆشیان لە شوێنێکی تر و بەرژەوەندیان لە بێدەنگیە بەرامبەر تاوان و بێهەڵوێستیە بەرامبەر کارەسات و خۆهەڵپەساردنە لەکاتی مەرگەساتەکانی کۆندا.

دیماگۆگیەت بۆکەسێك و هێزێك نییە لەناو کێشەی سیاسی گەلەکەی و گرفتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەی و پێویستی دیموکراسی سەردەمەکەی ، بەرنامەی دورونزیکی سیاسی دانابێ. بەڵکو دیماگۆگیەت ئەوەیە لەم دونیایە بۆ گرفتە دونیاییەکانی فەلسەفە و، بۆ ئایندە روانگەت نەبێ، بەناچاری پەنا بۆ خوابەریت و خیتابی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵبژێریت و بەپاڵی سەلەفیەت، رەورەوەی مێژوو بۆ دێرینەخوازی بەرێتەدواوە.

ئاخر خوا و ئایینی ئیسلام چ پێویستیەکیان بە ئیسلامی سیاسی و حیزبی ئیسلامی هەیە، ئەگەر دیماگۆگیەت نەبێ بەناوی خوا و ئیسلامەوە؟

گەورەترین دیماگۆگیەت لەوەدایە بەناوی خوا و بەناوی ئیسلام و بەناوی پێغەمبەرەوە، خەڵك هەبن و سیاسەت بکەن. بۆ دەسەڵات.

www.kurdistannet.org

ئاخرین کەس ئەو کەسانەن کە لەدوای راپەڕین هاتونەتە مەیدانی سیاسەت و حیزبی سیاسیان دروستکردووە، ئەمانە ئاخرین کەسن بتوانن تومەتی دیماگۆگیەت بدەنەپاڵ کەسێك، یان هێزێکی سیاسی کە لە رۆژگارە سەختەکاندا بەرگرییان لە گەلەکەیان کرد. لە رۆژگاری سەرکەوتنیشدا، بە داڕشتنی پرۆژەی دیموکراسی لە خەبات نەوەستان.
ئێمە خەباتمان کردوە و دەکەین. ئێمە کە شۆڕش هەرەسی هێنا، هەرەسمان نەهێنا" کە شۆڕشیشمان کرد، بەرگەمان گرت" کە کارەساتیان بەسەرداسەپاندین، نەڕوخاین" کە کیمیاباران کراین، هەڵنەهاتین" کە ئەنفالیش کراین، هەراسان نەبوین" هیچ تەنگانەیەکی سیاسی وای لـێنەکردین حیزبەکەمان هەڵپەسێرین (وەکو یەکگرتوو) بەڵکو لە رۆژگاری شومی تەنگانەدا ئالآی شۆڕشمان بەرزکردەوە. نە لە رابوردوماندا دەتوانرێ سیاسەتی دیماگۆگی لەسەرمان دیاریبکرێ و نە ئێستاش پێویستیمان بە دیماگۆگیەتی دینی و دونیایی هەیە. ئەوەین کە هەین. ئەوە نین کە لەگەڵ معاویە نان بخۆین و لەپشتی عەلیش نوێژ بکەین. ئەگەر هەڵەشمان کردبێ، کەموکوڕیشمان هەبێ، لێکدانەوەی ناڕاستیشمان بوبێ، کێشمەکێشی لاوەکیمان زاڵکردبێ، هەموو سەرەنجامی خەبات و سەختی راپەڕاندنی ئەرکەکان بووە. لە راپەڕاندنی ئەرکی سەختی وادا ناشێ هەڵەنەکرێ و کەموکوڕی نەبێ. گەر ئێمەش ساڵی (١٩٧٢) وازمان لە خەبات وەکو یەکگرتوو هێنابا، بێگومان ئێستا هەڵەمان لە ساڵی (١٩٩٤) وە دەستی پێکرد، هەروەکو یەکگرتوو مێژووی دامەزراندنەوەی لەوساوە دەستی پێکردووە. لەناو بۆتەی کار و خەباتدا هەڵە تەنانەت هەڵدێرانی سیاسی و عەسکەریش رویداوە و روشدەدا. ئەمە خەوشێکی گەورە نییە ئەگەر بێتو بەچاوی رەخنە و پیاچونەوە رابوردوو هەڵبسەنگێندرێ. خەوشی گەورە ئەوەیە هێزێکی وەکو یەکگرتوو لەساڵی (١٩٧٢) وە هەتا ساڵی (١٩٩٤) بیست و دوو ساڵی رەبەق خۆی تەجمیدکردبێ و ئەو روداوە سەخت و ناخۆش و کارەساتانە بەسەر کورد و کوردستاندا هاتبێ، ئێستا هەروەکو هیچ روینەدابێ ئاوا سەیری رابوردوو بکەن. ئەمە خەوشی گەورەیە کە ناکرێ یەکگرتوو بەسانایی ئەو رابوردووە بەسەر نەوەی ئێستا تێپەڕێنێ و بەروداوێکی ئاسایی لەقەڵەمی بدا.

(٥)

ئەمریکا و عێراق و ئیسلامگەراکان

نوسەر. بەشێوەیەکی سەیر سیاسەتی ئەمریکا و ئیسلامگەرا و رژێمی عێراق باسدەکا. لەو وایە کە مادام ئەمریکا دژی رژێمی عێراقە، ئیتر هەقی بەسەر هێزە ئیسلامگەراکانەوە نییە. نەك هەر هێندە، بەڵکو وای دەنوێنێ گوایە (هێزە ئیسلامیەکان ئامادەن بەیارمەتی ئەمریکا هەوڵی گۆڕینی دەسەلآت بدەن لە بەغدا) .
جارێ نوسەر تەنها بۆی هەیە بەناوی (یەکگرتوو) وەوە قسە بکا. نەك هەموو هێزە ئیسلامیەکان. چونکە مەعلومە سەرجەم هێزە ئیسلامیەکان چونیەك سەیری ئەمریکا ناکەن. کۆمەڵی ئیسلامی هەڵوێستی سلبیە بەرامبەر ئەمریکا و رۆژئاوا. بزوتنەوەی ئیسلامی خۆی بەهاوپێناوی ئەمریکا نازانێ. (انصار الاسلام) یش ئاشکران کە (القاعیدە) ن. هەتا ئێستاش بەرەیەکی ئیسلامی لەنێوان هێزە ئیسلامگەراکانیش نییە هەتا بلێین، نوسەر بەناوی هەموویانەوە قسەدەکا. دوور نییە لەم روداوانە و لەو ئەگەرانەی گۆڕانکاری کە چاوەڕوان

دەكرێ، (بەرەیەكی ئیسلامی) دروستبكرێ و پشتیوانی ولاَتێكی ئیقلیمیش دابینبكرێ بۆئەوەی هەندێك هێزی ئیسلامگەرای چەكدار لە قەیرانی دژەتیرۆر دەربازبكرێ و لەناو هاوكێشە سیاسیەكانی ئایندەی گۆڕانكاریشدا، هێزە ئیسلامگەراكان بەهێزتر ئامادەبكرێن بۆ ململانێ و بەرهەڵستیكردن. هەروەكو ئەزموونەكەی باكوری لوبنان.

گەر بێینەسەر سیاسەتی یەكگرتووش بەرامبەر ئەمریكا، ئەمانیش بەڕاشكاوی رایان نەگەیاندووە كە بەیارمەتی ئەمریكا دەیانەوێ عێراق بگۆڕن. بەڵكو لەمێزگردەكەشدا، مامۆستا رەئووف محەمەد، كە نوێنەری یەكگرتوو بوو (ئەندامی مەكتەبی سیاسیشیانە) قسەكانی پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریكای دەنواند. تەنانەت ئامادەنەبوو (تالیبان) و (القاعیدە) ش لەسەر روداوی (١١) ی سپتامبەر كوت و مت تاوانبار بكا. پێی وابوو كاری گەورەی وایان لەدەست نایەت. ئیتر نازانین نوسەر ئەم سیاسەتەی یەكگرتوی چۆن دارشتووە؟ ئایە سیاسەتێكی تازەبڕیارلێدراویانە؟ یاخود تاكتیكە؟ یان بۆدەربازبونیانە لەو هەڵمەتە هەمەلایەنەی دەكرێتەسەر هێزە ئیسلامگەراكان بە سعودیەشەوە" بە هێزە میانەڕەوەكانیشەوە؟!

شەڕیش دژی هێزە ئیسلامگەراكان، پێمان وایە لەدوائەنجامدا، بەوەناوەستێت هێزە ئیسلامگەرا چەكدار و تیرۆریستەكان تەفروتونابكرێن (كە بێگومانین تەفروتونادەكرێن) .

بەڵێ . شەڕی دژی تیرۆر رەهەندی زۆرە، یەكێك لە رەهەندەكانی سەرچاوەی ئەندێشەی تیرۆرە. بڕیاری شەڕ، بەتایبەتی ئەو جۆرە شەڕو شەڕەنگێزیەی هێزە ئیسلامگەرا تیرۆریستەكان، لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشە. جۆری ئەندێشە بڕیاری شەڕ یان ئاشتی دەدا.

كاتێك ئەندێشەیەك، تەنها دەقێكی پیرۆزی نەگۆڕدراوی هەبێ، خیتابە سیاسیەكەشی رەنگدانەوەی دەقە نەگۆڕدراوەكەی بێ، ئایندەش هەر گەڕانەوەی دەق و دەق بۆ ناو دەسەلاتی دەقەكەبێ، ئاخۆ ئەندێشەی ئاوا، ببێتە ئەندێشەی سەرەكی هەر هێزێكی سیاسی توند یان میانەڕەو، ئاخۆ لەدواسەرەنجامدا هێزی ئەندێشەی ئەم دەقانە، دەگەنە كوێ؟ ئاشكرایە هێزەكانی ئەم ئەندێشانە، زوو یان درەنگ، لەگەڵ گیانی سەردەمدا، روبەڕوودەبنەوە. لە رووبەڕووبونەوشەدا، یان دەبێ ئەندێشە بگۆڕن، یاخود دەبێ شەڕ هەڵبگیرسێنن و ئازادی سەركوت بكەن و بكەونە تیرۆركردن.

نوسەر . كاتێك بەناوی تەواوی ئیسلامیەكان قسەدەكا، دەزانین لایەنی كەم لەباری ئەندێشەوە دەیەوی پێمان بڵێ گەرچی رێبازمان جیاوازە، بەلاَم سەرچاوەی ئەندێشەی ئیسلامیمان یەكە. هەڵبەتە لە دوائەنجامدا، ئەم سەرچاوەیەی ئەندێشەیە، بە رەوتی جیاوازیەوە، بەنۆرە رووبەڕووی تەقینەوەی ناكۆكیەكان دەبێتەوە. پێشتر توندەكان و نەرمڕەوەكانیشیان. . دواتر!

لەرابوردودا، بوار زۆر بوو ئیسلامگەرا نەرمڕەوەكان مانۆری جۆراوجۆر بكەن. بەلاَم پێمان وایە لەدوای (١١) ی سپتامبەر روداوەكان بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن كە بواری مانۆری سیاسی لەبەردەم هێزە ئیسلامگەرا نەرمڕەوەكان نەمێنێ. دەبێ ئیتر خۆیان ساغبەكەنەوە. ساغبونەوەشیان لەسەر ئاستی جیهان، لەسەر ئاستی ولاَت بە ولاَتی رۆژهەلاَتیش رەنگی سیاسی دەداتەوە. ساغبونەوەیەك تەنها بەلاَی دیموكراسی و ئازادی راستەقینەدا، دەشكێتەوە.

(٦)

شەڕی ناوخۆ و نەتەوە

نوسەر. دەیەوێ لە چەند پەرەگرافێکدا، مێژگردەکە وا باس بکا کە شێوەی ئاخاوتنەکان گەڕانەوە بووە بۆ لۆژیکی شەڕی ناوخۆ. لەپاڵ گوتنی ئەم قسانە، دەشیەوێ وای پیشانبدا گوایە لەهەموو لایەك زیاتر پەرۆشی ئاشتی یە. تەنانەت پێی وایە، ئەو لۆژیکە لە (بنەڕەتەوە مانا بۆ نەتەوەی کورد ناهێڵێ) .

لەهەموو ئەدەبیاتی (یەکگرتوو) دا، دووروونزیك لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستان نادۆزرێتەوە. هەمیشە لە نوسراوەکانیاندا، ئەم حیزبە تێکەڵەویەك لە بۆچونی سیاسی گشتی و سۆزی ئیسلامی تایبەتی لەسەر شەڕی ناوخۆ پێشکەش دەکا. بەم کارەش، خۆی لە یەکالاکردنەوەی هەڵوێستی ڕۆشن دەدزێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، ئەرکی سەرشانی حیزبە سیاسیەکان ئەوەیە لە کێشەی چارەنوسسازدا، هەڵوێستمان ڕۆشن بێ. بەهەق بڵێن هەق و بەناهەقیش بڵێن ناهەق. برای نوسەر، لە باسکردنی شەڕی ناوخۆدا، لە هەردوو جەژنەکە بووە. نەوەکو ئیسلامیەکی ڕاستەقینە قسەدەکا و، نە وەکو سیاسیەکی ریالیستی دەدوێ.

ئەگەر ئیسلامیت و پێوانەی ئیسلامی بۆ هەڵسەنگاندنی شەڕێ ناوخۆ بەکاردێنێ، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامیەکان لەشەڕی ناوخۆی هێزە جیاوازەکاندا، نەیانتوانیووە هەموولایەك ڕازی بکەن. بەڵکو لادەرو هەڵگەڕاوەکانیان لەدەسەلاتی ئیسلامی قەلاچۆکردووە" لەسەردەمی تیرۆرکردنی خولەفای ڕاشدینەوە ئەمە دەسەلمێنێ کەوا تیرۆر پێش زایین و لەساڵی کۆچییەوە، هەرهەبووە لەناو ئاینەکانیشدا. مێژوو وامان پێدەڵێ، هەتا دەگاتە سەر (خوارج) و ئومەویەکان و هەڵگەڕانەوە بەردەوامەکانی تایفە و تاقمە جیاوازەکانی ناو قەڵەمڕەوەکانی ئیسلام. تەنانەت ئێستاش سوننی بۆچونی شیعەکان و شیعەکانیش بۆچونی سونیەکانیان لەسەر وەسیەتی پێغەمبەر و خەلیفایەتی موسڵمانان قبوڵ نییە.

سەبارەت بە مەسەلەی لە (بنەڕەتەوە) نەهێشتنی مانای (نەتەوە) ی کوردیش، لەمەیاندا نوسەر بەڕاستی دیماگۆگیە. لە دەقی ئەم پەرەگرافەدا، بزانن چی دەڵێ:

[جارێکی تر گەڕانەوەیە بۆ لۆژیکی سەردەمی شەڕی ناوخۆ لەخوێندنەوەی ڕوداوە جیهانی و هەرێمایەتیەکاندا. کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانە لە میانە و لەبەر تیشکی ململانێ ناوخۆکانی نێوان تەوژمە فکری و سیاسیەکانی ناوخۆ نەك گەلی کوردستان و بەرامبەرەکانی کە ئەووش هەر لە بنەڕەتەوە مانای نەتەوەی بۆ کورد ناهێڵێتەوە . .].

جارێ لەگەرمەی شەڕێ ناوخۆدا، ڕوداوە جیهانیەکان هەر بەپێوانەی جیهانگیری دەخوێندرانەوە. ئێستاش بەهەمان پێوانەی جیهانگیری دەخوێندرێنەوە. تایبەتمەندی ئێمە تەنها لەوەدابوو کە هەمیشە گوتومانە ڕژێمی عێراق دەبێ بگۆڕدرێ، ئینجا مافی فیدرالی دەستەبەردەبێ. ئەم جیاوازیەشمان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە: پەرەسەندنی جیهانگیری لە ڕۆژهەلاتدا ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ڕادەماڵێ. لەپێشەوەیاندا ڕێمی عێراق، چونکە تاوانەکان لەسەری بونەتە ماڵ.

هیچ لایەکیش لەشەڕی ناوخۆدا نەیگوتووە مادام شەڕێ ناوخۆ هەیە، ئیتر روداوە جیهانیەکان فەرامۆش بکرێ. هەموولایەکیش دەزانێ ئەو پەیوەندییە جیهانیەی سەرکردایەتی سیاسی کوردیی بە ناوەندەکانی سیاسی نێونەتەوەیی لە رۆژئاوا و ئەمریکادا، رۆڵێکی بەرچاوی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبوو.

کورد. . لەم بارودۆخەدا، پێچەوانەی هێزە ئیسلامگەراکان، وردلە روداوەکانی جیهان تێگەیشتووەو بەپاساوی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و عەقیدەیی دا، خۆی لە ئالۆگۆڕەکان تەریك ناکا. ئەوە هێزە ئیسلامگەرا چەقبەستوەکانن بەرواڵەت خۆیان مت کردووە و لەباری ستراتیژیشەوە، بەتوندڕەو و میانەڕەویانەوە، دەیانەوێ لەسەردەمی جیهانگیریدا، سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی بگێڕنەوە. . ئائەمەیە ئەندێشەی گەڕانەوە بۆ خەتەرناکترین سەردەمی شەڕی ناوخۆ. شەڕی پێشکەوتنو کۆنەپەرستی . شەڕی روناکی و تاریکی .

ئەوانەی بەلۆژیکی شەڕی ناوخۆ (نەك بەرژەوەندی گەلانیان) روداوەکان لێکدەدەنەوە، ئەوانەن کە منالّی سەر بێشکە لە جەزائیردا دەکوژن" ئەوانەن کە ئەفغانستانیان هەلّدێرا" ئەوانەن (خێلّی حەمە) خەلّتانی خوێن دەکەن" ئەوانەن پەروەردە و پێشکەوتنی خەلك بەئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست دەشێوێنن.

خوێندنەوەی روداوەکان بەلۆژیك و تەوژمی شەڕی ناوخۆ، سەرچاوە هەرە خەتەرناکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەی چەقبەستوو، بۆ خیتابی دەقی نەگۆڕدراو، بۆئەو سیاسەت و عەقیدەیەی نوزەی ئازادی دەبڕێ و پرشنگی ئازادی ویژدان خامۆش دەکات.

مرۆڤ و کۆمەڵ کە نەتوانن ئازادانە بیربکەنەوە و ویژدانیان لە لێکدانەوەی تێکستە پیرۆز و تێزە سەپێنراوەکان ئازادبێ، وردەوردە بێگومان شەڕی ناوخۆی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و شار بە شار و گروپ بە گروپ و تاك بە تاکی ناوخۆ دەقەومێنن.

لەئۆروپادا کە دەقە پیرۆزەکان، ئازادییان زەوت دەکرد، هەمیشە شەڕی ناوخۆ لەناویاندا دەقەوما. بەڵام کە دیموکراتی سەرکەوت و ئازادی بیر و ئازادی ویژدان بۆ رەخنەگرتن لە هەموو بیر و دەق و ئەندێشە سەپێنراوەکان دەستەبەرکرا، هەنگێنێ، لەبری شەڕی ناوخۆ، لەبری کوشتنی زانا و دانا و بیرمەند و، راوەدوونان و کوشتارگای ناوخۆ، لەباتی ئەو تاوانانە، ئازادی رۆشنگەریان هێنایەدی و پاشان مەدەنیەتیان خولّقاند و جیهانی گەیاندە مۆدێرنێتە.

ئێستاش لە رۆژئاوادا، تەنانەت لە وڵاتە تازەدامەزراوەکانیشدا، شەڕێ ناوخۆ لەهەر لایەك، لە بریتانیا، ئۆروپای رۆژهەڵات، ئاسیای مەرکەزی ، باکوری ئاسیا، لە هیندستان و بەنگلادش و پاکستان، . . هەروا لەناو وڵاتانی عەرەبیشدا، تەنانەت لەناو فەلەستینیشدا، بەرپرسیارێتی شەڕی ناوخۆ بەشی زۆری لەئەستۆی ئیسلامیەکان و مەسیحیەکان و جولەکەکان و مەزهەبو عەقیدە جێماوەکانن لەسەردەمی مۆدێرنێتە و لە شۆڕشی دیموکراتی . نەتەوە و خەباتی رزگاری نەتەوەییش زادەی سەرکەوتنی سەردەمی مۆدێرنێتەیە.

هێزە ئیسلامگەراکان، رێگرن لە خەملّینی پێکهاتەی (نەتەوە) . بەڵکو پرۆسەی پەرەسەندنی نەتەوە و پێگەیشتنی پێچەوانەی بنچینەکانی ئیسلام و ئیسلامگەراکانە. بۆیە، هیچ هێزێکی ئیسلامگەرا ناتوانێ لافی خەباتی نەتەوایەتی لێبدا. ناشتوانێ بەناوی (نەتەوە) وە، کاڵا فکریەکانی بخاتە ناو کایە سیاسیەکانەوە.

هەموو ئەو شەڕە ناوخۆیانەش لەناو وڵاتانی عەرەبیدا ئیسلامگەراکان قەوماندویانە، بۆتە مایەی دواکەوتنی

نەتەوەی عەرەبو نەتەوەی عەرەبی خستۆتە ژێر پرسیاری نالەباری ئابوری و سیاسی . بگرە، ئەم هێزە ئیسلامگەرانە، ئێستا دیوارێکی تاریکی لەبەردەم پێشکەوتنی نەتەوەی عەرەب بۆ چونەناو دونیای مۆدێرنێتە، هەڵدەچنن. تەنانەت لەناو فەلەستینیەکانشدا، یان دەبێ دەست لە رەوتی تیرۆر و داسەپاندنی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵبگرن، یان ئیسلامگەراکان دەبنە مایەی کارەساتی گەورەی گەلی فەلەستین. دیارە ئەمجارەش فەلەستین، لەناو باری نالەباری نەتەوەی عەرەبدا، بەرگەی کارەساتی سیاسی و عەسکەری ناگرن. چونکە نەتەوەی عەرەب لەدۆخێکی خراپی رۆچوندایە. ئیسلامگەراکانیش نەك ناتوانن شکستی نەتەوەی عەرەب بۆ رزگاری فەلەستین و یەکێتی نەتەوەی عەرەب و بینای دیموکراتی و کۆمەڵی مەدەنی رابگرن و ئاراستەکانی پاشەکشەی عەرەب بەرەو چاکە بگۆڕن، نەك ئەم ئەرکە مێژووییانەیان پێئەنجام نادرێ، بەڵکو لەهەر وڵاتێکی عەرەبیدا، هێزێکی ئیسلامگەرا پەرەبسەنێ، یان بەهێزبێ، یاخود کاریگەربێ، ئەو هێزە دەبێتە مایەی پتر دواکەوتنی عەرەبو زیاتر جێمانی لە کاروانی شارستانیەتی سەردەم. جێمانی ئێستاش سەبارەت بە گەلان، لەسەردەمی جیهانگیری دا، مەترسیدارترە لە جێمانی رابوردوو، چونکە پێشکەوتنەکانی ئێستا هێندە خێرایە، هێندە هەمەلایەن و فراوانە، هەر نەتەوەو گەلو کۆمەڵێك، دەهەیەك یان دوو دەهە دوابکەوێ، هێند بەجێدەمێنێ لە پێشکەوتن، نەك ئاسان نییە دواکەوتنەکەی لەئایندەدا پارسەنگ بداتەوە، بەڵکو دوور نییە دواکەوتنەکە دوچاری شەرێکی خەتەرناکی ناوخۆشیان بکا. ئەویش هەر لەسەر دەستی هێزە سەلەفییە دواکەوتوەکان. چونکە دواکەوتن لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و عەقیدە و فەلسەفە، رق و کینەی کۆمەڵایەتی – عەقیدەیی دەخولقێنێ. ئاسانیش نییە ئەو رق و کینە عەقیدەییە، لەماوەیەکی کەمدا بنەبڕبکرێ.

(٧)

(القاعیدە) و یەکگرتوو

لەم پەرەگرافەدا نوسەر دەڵێ:

[رەتکردنەوەی یەکگرتوو بۆ فکر و شێوازی کارکردنی(ÉÏÕÇÈ) و هاوشێوەکانی لە (١١) ە سێپتەمبەرەوە دەست پێناکات و هی پێش ئەوکاتە و ساتەوەختی دروستبوونی یەکگرتووە، چونکە ئەو پێش ئەوەی روداوێکی دیاریکراو ئیدانەکات ئەو شێوە ژیانە و نمونە ئیسلامی یە رەتدەکاتەوە کە ئەوان تەرحی دەکەن] .

لەراستیا، لە رووی سیاسیەوە، لە رەوشی کارکردن و شێوەی هەڵسوڕانی حیزبیەوە، بگرە لەپێکهاتەی حیزبایەتیشدا، یەکگرتوو جیاوازە لە (القاعیدە) ، واتە (نهج) ی یەکگرتوو لە هی (القاعیدە) جیایە. ئەمە ئاشکرایە. بەڵام. . دەتوانین قسە لەسەر گەلێك بۆچونی هاوبەشی (منهج) ی هێزە ئیسلامگەراکان بکەین.

ئیسلامگەرا سونیەکان لە دەقپەرستی و لە مێژووی ئیسلام و خواپەرستیدا، هاومەنهەجن. بێگومان یەکگرتوو، یان تالیبان و قاعیدە و تیرۆریستێکی خواپەرستی ئیسلامی ، لە گەلێ رووەوە لەمارکسیەك، عەلمانیەك، مەسیحیەك، جولەکەیەك، بتپەرستێك، هیندۆسیەك، بوزیەك، کۆنفۆشیۆسێك، زەردەشتیەك، کاکەییەك، یەزیدیەك و مولحیدێك لەخۆی نزیکتر دەزانێ. بۆ؟ چونکە خواپەرستە ئیسلامیەکە لە (نهج) دا نزیکە لێی ، ئەوانی تر، زۆرو کەم لە (نهج) دا دوورن لێی . هەندێکیشیان سەراپا دژیشیانن.

مەسەلەی گرنگ لە بەرنامەی هێزە سیاسیەکانی ئیسلامگەرا یان عەلمانی ، پێش ڕەوت و ڕەوشی سیاسی ، تەنانەت پێش (نهج) ی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ، قسەکردنە لەسەر (منهج) . پێش وەخت (منهج) دورنمای ستراتیژی هەموو حیزبێکە. نەك (نهج) . چۆن لەیەك وڵاتدا چەند هێزێکی مارکسی (نهج) ی مارکسیزمیان قبوڵە، بەڵام (منهج) ی جیاوازی سیاسیان هەیە. ئیسلامگەراکانیش ئاوان. ئەگەر خواپەرستی و قورئان و سوننەت و کەلەپوری ئیسلام نەبا، (یەککرتوو) ناوی لەخۆی نەدەنا (یەککرتووی ئیسلامی) . ڕەنگبوو ناوی (یەککرتووی دیموکراتی) یان (یەکگرتووی نەتەوەیی) بوایە.

هەر ئەو (منهج) ە هاوبەشەیە وایکردووە یەکگرتوو نەتوانێ کارەساتی (١١) ی سپتامبەر بخاتە ئەستۆی ڕاستەوخۆی تالیبان و القاعیدە. تەنانەت تاوانی (خێڵی حەمە) ش، هەتاڕادەیەك بەتەمومژاوی بەبێ ناوهێنانی (جندالاسلام) ئیدانەبکات.

یەککرتوو (نهج) ی هاوبەش دەیانبەستێتەوە بە (شەرع) ی هاوبەشیش. لە شەرعی ئیسلامدا، قورسە هێزە ئیسلامیەکان ئیدانەی موسڵمان یان شەڕی هێزی ئیسلامگەرا بکەن. یەککرتوو ناتوانن بە (القاعیدە) یان (تالیبان) یاخود بە (جند الاسلام) بڵێن، موسڵمان نین. چونکە ئەوان هێزی (عەلمانی) تەکفیر ناکەن، چ جای بۆ ئیسلامیی . تەکفیرنەکردنی عەلمانیەکانیش لەوەوە هاتووە کە (کافر) شەڕکردنی حەلاڵە. بەڵکو ئەرکی پیرۆزی ئیسلامیشە. [يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدْ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ] (سورة التوبة آية - ٧٣) . یەککرتوو لەم هاوسەنگیەی هێزە عەلمانیەکان و لاسەنگیەی خۆیان و عەلمانیەکاندا، خۆیان لە قەرەی (تکفیر) نادەن. چونکە خەڵکەکەیان و ئیسلامیەکانی تر دوایی داوای باجی (تەکفیر) ەکەشیان لێدەکەن. ئێستا خۆیان لەم ئەرکە شەرعییە دەبوێرن. هەروا، لەبەرامبەر ئیسلامگەرا تیرۆریستەکانیش ڕاستەوخۆ پێیان ناڵێن گومڕا، یان هەڵگەڕاوە لە ئیسلام. چونکە گەر ئەمەیان کرد دەبێ شەڕیشیان ڕابگەیەنن.

گەر دیقەت بدەین، نوسەریش نەیتوانیووە (القاعیدە) و هاوشێوەکانیان بە ئیسلامی لەقەڵەم نەدا. ئەمیش ڕێك و ڕەوان گوتویەتی : یەککرتوو ئەو شێوە ژیانە و نمونە ئیسلامییە ڕەتدەکاتەوە کە ئەوان تەرحی دەکەن.

ئەم قسانە ڕایدەگەیەنن کەوا: ئەوان نمونەیەکی ئیسلامین بەڵام نمونەیەکی جیاوازن لە یەککرتوو. کەواتە: ئایە ئەو قسەیەمان ڕاست دەرنەچوو کە لە مێزگردەکە و لە مونازەرەکەشدا گوتومانە کە یەکگرتوو (نهج) ێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ (القاهیدە) بەڵام (منهج) ی جیاواز نییە.

(٨)

گۆڕان و ئیسلامگەراکان

لە مونازەرەی مامۆستا ڕەئووف محەمەد و ئێمە لە شەوی (١١) ی سپتامبەری ئەمساڵدا، قسە هاتەسەر ئەوەی ئەگەر بێت و ئیسلامگەراکان سیاسەت و ستراتیژی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا نەگونجێنن و سیستەمێکی دیموکراتی عەلمانی قبوڵ نەکەن و پێ لەسەر سیستەمێکی ئیسلامی دابگرن، لە گۆڕانکاریەکاندا

دەبنە هەڕەشە لەسەر هەلی ئایندەی کورد. ئەم مەسەلەیە ئێستاش دوپات دەکەینەوە. بەلاّم نوسەر بەئارەزووی خۆی ئەو قسەیەی داڕشتۆتەوەو گوتویەتی :

[لێپرسراوەکەی بەرامبەر لە دوایەمین قسەیدا ئیسلامییەکانی کوردستانی بەو هەڕەشە لەقەڵەمدا کە دەتوانن لەساتەوەختی گۆڕان لە عێراقدا نەهێڵن کورد بگات بە ئامانجەکانی . کە ئەمەش چەواشەکردنێکی ئاشکرای بینەری کوردە لەمەڕ ئەو هەڕەشە راستەقینە ناوخۆیی و هەرێمایەتیانەی هەڕەشە لە ئێستا و ئایندەی کورد دەکەن. بە پێچەوانەوە ئیسلامییەکان بەگشتی جگە (انصار الاسلام) کە مەسەلەی کورد ئەوانە جێگای بایەخیان نیە – و بەتایبەتیش یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەشێکن لە هێز و وزە کوردیەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان. خۆیان وا پێناسە کردووە بەشێکن لە موعارەزەی کوردی ، ئەم مەسەلە بۆ یەکگرتوو دیدێکی ستراتیژیە تەنانەت گەر فکری توندڕەویش تارادەیەك کێشە بێت فکری ئیسلا مخوازانە و مەدەنیانەی یەکگرتوو دەتوانێت دەورێکی گەورە ببینێ بۆ کەمکردنەو و ئابلوقەدانی دیاردەکە لەڕووی فکریەوە].

ئێمە دەپرسین" گەر رژێم گۆڕدرا، لەکاتی گۆڕانەکەش گەر بێت و هێزە ئیسلامگەراکان لەناو عێراق و کوردستاندا سوربن لەسەر سیستەمی ئیسلامی خۆیان، یان بەرپەرچی سیستەمی دیموکراتی عەلمانی بدەنەوە، سەرەنجام چی رودەدا؟ ئایە ئەم جۆرە بۆچونانە نابنە مایەی تەقینەوەی گەورەترین ناکۆکی کە دوورنییە شەڕێکی ناوخۆی ناوەختیش بتەقێنێتەوە؟ ئایە لەدونیای ناکۆکییە سیاسی و فەلسەفیەکاندا، دوو جەمسەری ناکۆك، لە هەلومەرجی گۆڕدراوی سیاسیدا، کاتێك سووردەبن لەسەر ستراتیژی جیاواز، چ مەترسیەك بۆ سەر گۆڕانکاریەکە پەیدادەکا؟ بەتایبەتی لەگەرمەی گۆڕانکاری و سەرکەوتنەکاندا خەلّك بەچەشنێ دەوروژێن و دەهەژێن، ئیدی بەشێوەیەکی خۆرسکی بڕیاری سیاسی جێبەجێ دەکەن. رەنگە روداوێکی بچوك شەڕێکی فراوانی کۆنترۆڵنەکراوی لـێبکەوێتەوە. بەتایبەتی جەمسەرێکی ناکۆکیەکان هێزە ئیسلامگەرا عەقیدەییەکان بن. شەڕی ناوخۆ هەر لەم جۆرە ناکۆکیانەوە دەستی پێکردووە. شەڕ، لە بیر و ئەندێشەی جیاوازەوە، زەمینەی خۆش دەکرێ.

یەکێك لە گەورەترین کێشە سیاسیەکانی یەککگرتوو، دژایەتی کردنیانە بۆ عەلمانیەت. ئەوان دیموکراسی سیاسی قبول دەکەن، بەلاّم عەلمانیەت رەتدەکەنەوە. دەستوری ئایندەی عێراقیش بێگومان عەلمانی مەدەنی دەبێ. هەر ئێستا پرۆژەی دەستوری کوردستان و عێراق کە لەلایەن خولی گواستنەوەی پەرلەمانەوە گەلاّلەکراوون، دەستوری عەلمانی و مەدەنی بون" دەسەلاّتەکان لێك جیاکراونەتەوە" دینی رەسمی دەولّەت دیارینەکراوە" تەواوی مافەکانی ژنان بەرامبەر پیاو، سەلمێندراوە" دین کراوەتە عەقیدەی شەخسی . . تاد. یەککگرتوو . هەروا هەموو هێزە ئیسلامگەراکانی دیکەش، لەدوا سەرەنجامدا دەبێ بچنە ناو چوارچێوەی ئەم دەستورەوە. رێگەی مانۆڕیان نامێنێ هەتا لەدەوری دەستورەکەدا بسوڕێنەوە.

هەڕەشە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکانیش. . رۆژانە لەسەر ئەم مەسەلانە پێشتر و ئێستاش قسەکراوە و دەکرێ. هەموو هێزە سیاسیەکان، چەند سالّێکیشە قسە لەسەر ئەم مەسەلانە دەکەن. ئێستاش قسە بەردەوامە. ئەوەتانێ کێشەکانی یەکێتی و پارتیش بەشێوەیەکی گونجاو دەرهەق بەم هەلومەرجە چارەسەرکراوە. ئەم مەسەلانە رۆشنن. نوسەر و یەککگرتوو، و هێزە ئیسلامگەراکانیش ئەم راستییە دەزانن کە زۆر قسە لەسەر کێشە ئیقلیمی و ناوخۆییەکان کراوە" مەترسیەکانیشیان خراونەتەڕوو" لەگەلّ زلهێزەکانیشدا باسکراوون. بەلاّم ئەوەی قسەی زۆر کەم لەسەرکراوە، مەترسی سیاسەتی ئیسلامگەراکانە لەعێراق و کوردستاندا. بەلّێ،

www.kurdistannet.org

لەسەر ئەم مەترسیانە قسەی زۆر کەم کراوە. نوسەر باش ئەم راستییە دەزانێ. بەڵام لەهەمان کاتدا دەشزانێ پێشوەخت قسەکردن لەسەر مەترسیی بۆچونی ئیسلامگەراکان چەند بە زیانی ئەو هێزانە دەشکێتەوە، بۆیە، نوسەر هەوڵدەدا ئاڕاستەی دیالۆگ لەسەر خۆیان لابەرێ و بیباتەوە سەر شەڕی ناوخۆ و مەترسی ئیقلیمی لەسەر کورد. راستیەکەشی ئەوەیە دەبێ هەموو مەترسیەکان، وەکو خۆیان، بەپێی کاریگەری جیاوازیان، باسبکرێن. وردیش لێکبدرێنەوە. بۆئەوەی نە ئێستا و نە لەئایندەش، خەڵك چەواشە نەکرێن، یاخود خەڵك لەپڕ نەکەونە سەر تەقینەوەی ناکۆکیە پێشتر باسنەکراوەکان.

یەکێك لە گیروگرفتە زیانبەخشەکانی سیاسەتی کوردیی ، پێشبینی نەکردن بووە بۆ تەقینەوەی کێشە مەترسیدارەکانی هێزە سیاسی و ناکۆکییەسیاسیەکانی ناوخۆ. یان ناکۆکیەکانیان خەفەکردووە، یاخود سەرکوت کردووە، بەڵام گۆڕانکاریەکان ئەو ئەقڵیەتەیان جێهێشت. رۆژگاریش ناگەڕێتەوە دواوەو مێژووش دوپات نابێتەوە.

لەدوای راپەڕینیش، خەمساردی بەرامبەر ئیسلامگەرا و فەرامۆشکردنی نەخشە و پیلانی سیو کۆمەڵایەتی و عەقیدەییان، زیانێکی زۆری لە ئەزمونی دیموکراتی ، باری کۆمەڵایەتی ، ئاڕاستە جیاوازەکانی ئازادی و دیموکرات دا. نوسەر دەیەوێ ئەو نانەی ژەندویەتییە رۆنی خەمساردی هێزە عەلمانیەکان و لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بەچەوری قوتیانداوە، دەیەوێ، لەهەلومەرجێکی تریشدا، پاروو بە وشکی قوت نەدا. دیسان پارو بەهەڵەی عەلمانیەکان چەوربکاتەوە. بۆیە، ئاڕاستەی دیالۆگ، لەبری باسکردنی هەمەلایەنەی مەترسییە فکریەکانی ناوخۆ، تەنها و تەنها دیالۆگ دەبەستێتەوە بە شەڕی ناوخۆ و فشاری ئیقلیمی .

(٩)

تەلەفۆن و نەفەسی مێزگرد

لەشەشەمین خاڵی نوسینەکەیدا، نوسەر قسەلەسەر قۆرغکردنی تەلەفۆنەکان لە مێزگردەکەدا دەکا. ئەمەیان پەیوەندی بەمنەوە نییە. بەڵام دڵنیام هیچ نەخشەیەك لەئارادا نەبووە. چونکە ئەوانەی ژمارە تەلەفۆنیان داناوە خۆ نەیانگوتووە ئێمە یەککرتوین هەتا رێیان لێگیرابێ. ئەمە گەڕکردنە بە مێزگردەکە. بینەریش لەبیرێتی کەوا پرسیار و رەخنەی جیاوازیش لەهەردوولا کران.

سەبارەت بە خاڵی (٧) ی نوسەریش کە نەفەسی ئێمە نەفەسی دادگایی کردن بووە. چونکە دیکۆمێنتمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە.

ئەوەی لە چەند ساڵی رابوردودا، مێزگردەکانی ناو تەلەفزیۆن و هۆڵەکانی دیبێ. کە یەکەمین مێزگردیش لەسەر تەلەفزیۆن و لەناو هۆڵدا بەرامبەر ئیسلامگەراکان، کۆمۆنیستی کارگەری ، نوسەری بێلایەن، هێزەکانی تریش، ئێمە سازمان داوون و لەسەر ئەم مێزگردانەش دوچاری مشتومڕی زۆر هاتوین. تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆشماندا. یەکێك لەوانە نوسەر خۆشی بووە کە مونازەرەمان لەگەڵ کردووە. ئەگەر هەرکەسێك ئێمەی دیبێ لەو مونازەرە و مێزگردانەدا، دەزانێ لەهەمویاندا کتێب و بەڵگەنامەمان هێناوە. ئەمەش لەبەر دادگایی کردنی هیچ کەس و هیچ لایەك نەبووە، بەڵکو بۆ سەلماندن و پێسەلماندنی بەرامبەر و بینەر و ئامادەبوان بووە.

هەموو لایەکمان دەزانین چاپەمەنی کوردیی زۆر نییە. بەڵگەنامەکانیش لەبەردەستی زۆربەدا نییە. لەڕووبەڕووبونەوەی مونازەرە و مێزگردا، ناکرێ تەنها پشت بە یادەوەری خۆت و خەڵك ببەستی . بەڵکو زۆر گرنگە بەڵگە بدەیتەدەستەوە. چەند جارێك بە ئۆڤەرهێتیش بەڵگەمان خستۆتە سەر شاشە بۆ ئامادەبوان. ئەمە ڕێگایەکی زانستی دیالۆگە. کەسیش لەبەرامبەر، یان لە هیچ لایەکی قەدەغەنەکردووە بەڵگەنامە بۆ پشتیوانی بۆچونەکانی بهێنێتەوە.

ئەسڵی مەسەلەکەش ئەوەیە کە هەندێك هێز، لەوانە هێزە ئیسلامگەراکان، لە مونازەرە و مێزگرد دەسڵەمێنەوە. چونکە لە ڕووبەڕووبونەوەی تەلەفزیۆن و ناو هۆڵەکان، ڕاستیەکان ڕاستەوخۆ بۆ خەڵك ساغ دەبنەوە. ئەمە لەکاتێکدا، یەکگرتوو، یان هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، لە کاری نهێنیدا، لەناو ماڵان و منالآن و گۆشەی مزگەوتەکاندا، دەتوانن کار بکەنە سەر خەڵکێکی دیاریکراو. بەڵام لە ڕووبەڕووبونەوەدا، هەموو قسەیەك مشتومڕی لەسەر دەکرێ. قسە بێ ڕەخنە تێناپەڕێ. گرنگی دیموکراتی و ئازادی لەوەدایە، بیر و فەلسەفە و بۆچون هەڵدەسەنگێندرێ و تەنها لە کولەکەدا بانگ نادرێ. دەستبەجێش، لە مونازەرە و دیالۆگی ڕووبەڕوی مێزگردەکاندا، دەبێ توانای لێکدانەوە، وەڵامدانەوە، سەلماندنەوە، بەرپەرچدانەوە، بەڵگەهێنانەوە هەبێ. چونکە بینەر و ئامادەبوان یەکسەر حوکم لەسەر ڕاستی و ناڕاستی قسەکان بەپێی سەلماندن و نەسەلماندنیان دەدەن. حوکمی مونازەرە و مێزگرد، حوکمی ساتەوەختە. حوکمی تیژپەڕە. زۆرجار ڕای گشتی لەسە ڕهەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی وڵاتان، بە مونازەرەیەکی تەلەفزیۆنی دەگۆڕێ.

هیچ کەسێك، لەسەرئەوە عەیبدار نابێ بەڵگەنامەی لە مێزگرددا هێناوە، بەڵکو لەسەرئەوە گومان دەخرێتە سەر بۆچونەکانی کە نەتوانێ زانستیانە قسە بکا و قسەکانی بە لۆژیکی سەردەم بسەلمێنێ.

کاکی نوسەر گلەیی چی دەکا لەسەر بەڵگە؟ بۆچی بەڵگەنامە دەکاتە بەڵگەی دادگایی کردن؟ مەسەلەکە وەکو هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنیش نەبوو، وەکو نوسەر وای دەنوێنێ، بەڵکو مێزگردەکە لەسەر ڕوداوێکی چارەنوسسازی جیهانی بوو، کە شتێکی بەڵگەنەویستە دیدی یەکێتی و دیدی یەکگرتوو، لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لەسەر ڕوداوەکە. هەرلایەکیش بەپێی باوەڕی خۆی دەیەوێ لەناو خەڵکدا ڕاستی بۆچونەکان دەربخا. ئەمە ئیتر نە دادگایی کردنە و نە هیچ شتێکی تر. بەڵام نوسەر گەر ئەنجامی مێزگردەگەی بۆخۆیان بەدڵ نییە. ئەمەیان شتێکی دیکەیە. تازە بەنوسینی ئەم ستونەش، باری سەنگە و لاری بۆچونەکانی یەکگرتوو لەسەر (١١) ی سپتامبەر، ڕاست ناکرێتەوە، چونکە لەبنچینەدا بارەکە خوارە. بۆچونی یەکگرتوو لەبەرئەوەی پێچەوانەی (منهج) ی هاوبەش نەکەوێتەوە و پێچەوانەی شەرعی هاوبەشی ئیسلام سەبارەت بە موسوڵمانان نەشکێتەوە، بۆچونیان لەسەر (١١) ی سپتامبەر و ڕادەی بەرپرسارێتی (القاعیدە) لە ڕوداوەکە، هەڵەی دیاری تیا کراوە. لە مێزگردیشدا، ئەو هەڵانە جێی خۆیەتی باسبکرێن.

(١٠)

زمانی یەکپارچەیی دیالۆگ !

لەکۆتایی ستونەکەی نوسەردا، کە هەموو کاردانەوەیە لەسەر مێزگردەکە و سەرەنجامەکەی ، بەم شێوەیە لە هەلومەرجی ئێستا و دیالۆگ و یەکپارچەیی تێگەیشتووە:

[لەکۆتاییدا دەڵێم کێشەی سەرەکی ئەم وڵاتە لە چەندین ساڵی رابوردودا کێشەی ناکۆکی نێوان دو پارتیە دەسەڵاتدارەکە بووە. ئێستاش هێزە کوردیەکان لەسەر زۆربەی پرسەکانی تایبەت بە عێراق و کوردستان هاوبیروڕان. ئەم جۆرە نەفەس و گوتارە بەسەرچووەش خزمەت بە ئێستا و ئاییندەی هەرێم ناکات. تاکە رێگای راست لەبەردەمی رێکخستنی پەیوەندییە ناوخۆییەکانیشدا زمانی دیالۆگ و نرخاندنی رۆڵی یەکتر و رەواندنەوەی هەموو گومان و ڕاڕاییەکە کە زیان بە یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکانی دەگەیەنێت].

جارێ. کێشەی یەکێتی و پارتی ، راستە کێشەیەکی سەرەکی بووە. هێشتا شوێنەوارەکانی کێشەکانیش ماوە، بەڵام لە چەند ساڵی رابوردودا، ئەم وڵاتە تەنها گیرۆدەی ئەم کێشەیە نەبووە. بەڵکو چەند ساڵێك کێشەی هەرەسەرەکی وڵات، گەمارۆی ئابوری و برسێتی و نەبونی بوو. هەر ئەم کێشەیەش لە ساڵانی (١٩٩٤) کە ساڵی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامییە، هەتا ساڵی (١٩٩٧) ماوەیەکی گرنگی پەرەسەندنی یەکگرتوو بوو لەناو بەشێکی خەڵکدا. ئەویش پەرەسەندنێك کە یەکگرتوو بەپارەی مۆڵی وڵاتانی دۆستی (کە هێشتا حکومەتی هەرێم نازانێ ئەو پارەیە مانگانە چەند بووە و چۆن هێنراوە و چ لایەك بەنهێنی پێی داوون) بەو پارەیە یەکگرتوو قەیرانی گەمارۆی ئابوری قۆزتەوە و سەنگێکی بۆخۆی پەیداکرد. ئەو سەنگەی هەیەتی بەبەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری لەو ئاستەنگە ئابورییەدا بۆ سوککردنی باری گرانی خەڵکە برسیەکە، بەدی نەهێناوە. بەڵکو بەقۆزتنەوەی ئاستەنگی نەبونی خەڵك، خەڵکیان ناچارکرد بچنە ریزیانەوە. سیاسەتێکی سەیرە، هێزێك بەناوی ئیسلامیەوە، پارەی بێگانە وەربگرێ و خەڵکی برسی و رەجاڵی پێ لە خشتەبەرێ.

یەکگرتوو، زۆرجار رەخنەی لەسە ردەسەڵاتەکانی کوردستان ئەوەیە کە دەسەڵات بۆ دامەزراندنی خەڵك و کۆکردنەوەیان لە دەوری خۆیان، بەکاردێنن. کەچی خۆیان دەسەڵاتیان نییە، بەڵام بە پارەی دەسەڵاتەکانی تر، دەسەڵاتی رۆحی لەناو خەڵکدا پەیدا دەکەن. گەر یەکێتی و پارتی دەسەڵات بکەنە کەناڵی رێکخستنی خەڵك هەڵەیەکە دژی دیموکراسی . یەکگرتوو یان هەر هێزێکی تریش بەهۆی پارە و موچە و یارمەتیەوە، لەکاتی برسێتیدا خەڵك بکەنە ئەندامی خۆیان، ئەمیش هەڵەی دووزەردێنەی سەلەفییە. بەڵکو کارێکی دور لە گیانی شارستانیشە.

بەڵێ. لە چەند ساڵی رابوردودا، ئەو کێشانەش سەبارەت بە ژیان و بژێوی خەڵك، کێشەی سەرەکی بون. نەك هەر کێشەی سیاسی یەکێتی و پارتی .

ئێستا کە ئاشتبونەوە هاتوتەدی . باری گوزەرانی خەڵکیش باشتر بووە. ئومێدێکی گەورەش بە ئەگەری گۆڕانکاری رژێم پەیدابووە. ئا لەم کاتەدا نوسەر دەڵێ:

[تاکە رێگای راست لەبەردەمی رێکخستنی پەیوەندییە ناوخۆییەکانیشدا زمانی دیالۆگ و نرخاندنی رۆڵی یەکتر و رەواندنەوەی هەموو گومان و ڕاڕاییەکە کە زیان بە یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکانی دەگەیەنێت].

ئاخۆ نوسەر دەبێ چ زمانێکی دیالۆگی مەبەست بێ: ئەو زمانە دیالۆگەی هەڵەی یەکتر باس نەکەین" کەموکوری یەکتر نەخەینەڕوو" مشتومڕ لەسەر فەلسەفە و بۆچونەکان بکوژێن" زمانی رەخنە قەدەغە بکەین"

ناکۆکیەکان داپۆشین؟ نوسەر. . مەبەستی ئەم دیالۆگەیە کە هیچ چەشنە جوانی و ئازادیەکی تیا نییە. وڵات و هێز زۆرن لەوجۆرە دیالۆگە دەکەن و بەوجۆرەش رێز لە یەکتر دەگرن کە نوسەر بانگەوازی بۆدەکا. بەڵام ئەو وڵاتانە، لەچاو وڵاتە دیموکراتی و ئازادی بەخشەکان، ژیان تیایاندا ساردوسڕ دەگوزەرێ، چەوساندنەوەش هەتا بیناقاقایە. ژنانیش رەشپۆشن.

زمانی دیالۆگ، پێش هەموو شتێك زمانی کردنەوەی دەرگای جیاوازیەکانە" کە دەرگای جیاوازیەکانیش کرایەوە، ئیتر رەخنەگرتن لە هەموو شتێك، تەنانەت بە ئازادی ویژدان و رەخنەلێگرتنی تێکستە پیرۆزەکانیشەوە، دەبێ دەستەبەربکرێ. زمانی دیالۆگ و رێزلەیەکترگرتن، ناکاتە قروقپکردن لەسەر بۆچونی یەکتر و هەڵەی یەکتر باسنەکردن.

پاشان. . دیالۆگ. . واتای دروستکردنی پرسیاری نوێ و گەڕانە بەدوای وەڵامی نوێدا. دیالۆگ پرسیاری ئامادەکراوی سەپێنراو نییە. دیالۆگ قبوڵکردنی وەڵامی رەهاش نیە. هیچ شتێك لەدیالۆگدا، رەها و سەپێنراو نییە. هەموو شتێك لە دیالۆگدا، قابیلی دیالۆگە. کە هەموو شتێکیش قابیلی دیالۆگ بێ، کەواتە گومان پەیداکرن لەسەر بۆچون و پرسیارکردن لەسەر بۆچون و رەخنەلێگرتنی بۆچونیش، ئەرکێکی گرنگی دیالۆگە. نەك وەك نوسەر دەڵێ: رەواندنەوەی هەموو گومانو ڕاڕاییەك کە زیان بە یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکانی دەگەیەنێت. دەبێ بزانین گومان تا گومان هەیە. گومان هەیە باشە و هەشە خراپە.

بەپێچەوانەوە، نەبونی پرسیار و نەوروژاندنی گومانی رەوا، زیان بە یەکپارچەیی هێزەکان و خەڵك دەگەیەنێت. گومان. . سەرەتای پرسیارکردنە. پرسیارکردنیش دەرگای رەخنە دەخاتە سەر پشت. کە دەرگای رەخنەش ئازادانە کەوتە سە رگازی پشت، ئینجا راستیەکان باشتر دەردەکەن وهیچ کەسێك و هێزێكو دەسەڵاتێك و ئاین و مەزهەب و عەقیدەیەك. ، ئیتر ناتوانێ راستیەکان مۆنۆپۆل و ئەقڵەکان کلۆم بکا.

یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکان، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر، لە هێزێکەوە بۆ هێزێکی تر، لە فەلسەفەیەکەوە بۆ فەلسەفەیەکی تر، جیاوازە.

یەکپارچەیی خەڵك و هێزە دیموکراتە هاوچەرخەکان، جیاوازە لە یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەناو ئاینەکاندا، لەسایەی دەسەڵاتە ثیوکراتی و ئورستوکراتەکاندا، گومانیان دەکوشت و پرسیاریان دەخنکاند و رەخنەیان بەتاوان دەزانی . بەڵام لەم سەردەمەدا وا نییە؟ پێچەوانەیە. یەکپارچەیی خەڵك لەم سەردەمە، بە دەستەبەرکردنی تەواوی ئازادیەکانە. بە دەرخستنی جیاوازیەکانە. بە رەخنەلێگرتنی کەموکوڕیەکانە.

لەو وڵاتانەدا کە ئازادیەکی تەواو هەیە، رەخنەیەکی هەمەلایەنە و جیاوازی بێچەندوچونیش هەیە، لەهەمانکاتدا یەکپارچەیی خەڵك و هێزەکان زۆر بەهێزترە لەو وڵاتانەی هیچ ئازادیەکیان تیا نییە و دەرگاکانی رەخنەیان داخستووە. کۆنگرێسی ئەمریکا و هێزە سیاسیەکانی لەسەر (١١) سپتامبەر یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بون. رۆژانەش لەو وڵاتەدا هەزاران گومانو سەدان هەزار رەخنە و بۆچونی جیاواز دەکەوێتە ناو میدیاکانەوە. کەچی لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکانیان یەکپارچە و یەك هەڵوێستیشن. بەپێچەوانەشەوە،

کاتێك ئازادی و دیموکراتی لەئەمریکادا نەبوو، لە سەدەی هەژدەدا، شەڕی ناوخۆی خوێناوی و کوشتنی دەیان هەزار کەس کەوتە ناویان.

نوسەر داوای دیالۆگ دەکا، بەلاَم پەستیشە لە دیالۆگی مێزگردی (گفتوگۆی سێشەممە) کە بەبەڵگەنامە بۆچونی هەڵەی یەکگرتوو لەسەر (١١) ی سپتامبەر رەخنەی لێگیراوە. ئەمە چۆن دیالۆگێکە لەسەر بەڵگە و رەخنە پەست بن. رەخنەش لەسەر سیاسەت نەخوازەڵلا بگاتە سەر تێکستە پیرۆزەکانو ئازادی ویژدان، ئاخۆ بگاتە حاڵەتی وا نوسەر و هاوڕێبازەکانی دەبێ بڵێین چی ؟

لەکۆتاییشدا، دەڵێین: تازە ئەو رۆژگارە بەسەرچوو گومانی رەوا بەناوی ئاینەوە نەهێڵین" ئەو سەردەمە بەسەرچوو پرسیاری راست بەناوی یەکپارچەییەوە خەفەبکەین" ئەو سەردەمە بەسەرچوو بەناوی یەکێتی هێزەکانەوە رەخنە بکوژین. ئەو سەردمە تەواو. بەڵکو بەرێوەبین بۆ گومانی زیاتر و پرسیاری گرنگتر و رەخنەی کاریگەرتر لەسەر هەموو شتەکان. ئەوەی هەیە و نییە هێڵە سورەکان تێکڕا دەبەزن. دڵنیاین، ئازادی بیر پەرەدەسەنێ بۆ ئازادی ویژدان. کە ئازادی ویژدانیش هاتەئاراوە، ئیتر دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانی رەخنە لەسەر دەقە چەقەبەستوەکان، تێکڕا دەکرێنەوە، تەنها ئەوکاتە رەخنە بەهەموو رەهەندەکانی بڵاودەبێتەوە. هەر ئەوکاتەش، زۆر گرنگە بەڵگە بۆ رەخنەکان باشتریش لەئێستا، بخرێنەڕوو.

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣